شیعری نالی، وەک کێوە بەرزە شاخاوییەکانمان، هەموو بۆمان هەیە بۆی بڕوانین و پێ بگەشێینەوە؛ بەڵام گەیشتنە لووتکەی مانا بەرزەکانی و سەیری ئەو دنیایە لەو سەرەوە، کارێکی نە هاسانە.
ئەگەر ئەمڕۆ من ئاسایەک دەوێرێ دەست بۆ شیعری ئەو پایەبەرزە بەرێ، لە سای سەری مامۆستای نەمر، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، ئەو زانا دڵسۆزە و کوڕە ناوازەکانی (کاک فاتیح و کاکە حەمە)یە؛ کە بێ‌قسە، هەموو منەتباری کردەیانین، سەبارەت بە شیعر و وێژەمان.

***

ئەم کارە بریتییە لە خوێندنەوەی بیست غەزەلی گیان‌بزوێن لە دیوانی حەزرەتی نالی. دیارە هەڵبژاردن لەو دیوانە گەورە و گرانە، کارێکی دژوارە و ئەمن بۆ ئەم کارە، ناچار بە قسەی دڵم کرد و کام غەزەلم زیاتر بە دڵەوە نیشت، ئەوەم هێنا. هەروەها بۆ تەرتیبی خوێندنەوەی بەیتەکانی غەزەلێک یان نەخوێندنەوەی هەندێ بەیتیش، دیسانەکە دڵم ڕێشاندەرم بوو. بەو بۆنەوەیە بەهیوام بەردڵی گوێگرانیش بکەوێ.
وەک دەزانن، نالی زۆرێ لە شیعرەکانی وا دارشتووە کە بە چەند جۆر دەخوێنرێنەوە و چەند مانا هەڵدەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک جار وشەکانیش وا دانراون کە بە جێگۆڕانی پیتێک و دوان، بارێکی‌تر خۆ دەنوێنێ و دیمەنێکی‌تر دەردەکەوێ. دیارە لە کارێکی وادا، ڕێ بۆ چەند جار و بە چەند جۆر خوێندنەوەی شیعران نییە و نیازی گوێگر، چێژ وەرگرتنە؛ نەک چوونە ناو وردەکاریی وێژەیی و جوانکاریی شێعرییەوە. کە وا بوو لێرەدا، ئەو بارەم کە پێ لەبارتر هاتە بەرچاو، هەڵبژارد و وازم لە باقی بارەکان هێنا. ئەمجار هیچ سەیر نییە ئەگەر تاک‌وتەرا، وردە تێبینییەکیشم هەبووبێ و دەکارم کردبێ؛ بە مەرجێ لەگەڵ شێوەنووسینی ئەو سەردەمەدا بێتەوە.
دوایین خاڵ ئەوەی کە: شیعرەکانم هێندێک کرژ خوێندۆتەوە و ئەمە، بە ڕواڵەت، بۆ شیعری نالی نابێ. بەڵام ئەگەر وردتر ببینەوە، ئەم شیعرانە، هەرچێکیش خاو بخوێنرێنەوە، بە جارێک و دوان بیستن، دڵ ئاویان لێ ناخواتەوە و پێویستە زۆر جاران گوێیان لێ بگرین تا لێیان تێبگەیین و جوان هەستیان پێ بکەین. کە وا بوو، ئەمجار ئەگەر خاو خوێنرابێتنەوە، دوای چەند جار گوێ لێ گرتن، گوێگر ماندوو دەبێ و دڵی ناچێتەوە سەری. بەم بۆنەوە داوا لە گوێگران دەکەم ئەگەر دەنگەکە ئازاریان نادا، هێندێک لەگەڵی خۆگر بن تا پێی ڕادێن؛ ئەوجار دوور نییە شێوازی خوێندنەوەکەش پەسند بکەن.
هەرچۆنێک بێ، دەبێ دان بەوەشدا بنێم کە ئەم کارە تەنیا ئەوەندەیە کە منی دەسکورت، لەم مەودا بەرتەسکەدا، لە دەستم هات؛ دەنا شیعری نالی، وەک خۆی دەفەرموێ: «بە دەقیقی مەسەلە ...».
براتان: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی
سنە، زستانی ۱۳۹۲ (۲۰۱٤ز.)

## ١

بنواڕە نەوبەهار و فتووحاتی گوڵشەنی
گوڵ زاری کردەوە لە دەمی غونچە پێکەنی

لەم پارچەڵۆکە هەورە بە قەد ڕووی هەموو زەمین
بەم ڕایەڵە قەدیفەیی سەوزی عەجەب تەنی

خارایی سەوز و شینی لەبەر کردووە جەبەل
دامێنی وەردی سوورە کە دەستم بە دامەنی

هەر دارە بەرگ و هەر گوڵە ڕەنگێ خەڵاتییە
هەر جوودی نەوبەهارە کە عالەم دەکا غەنی

بورجی درەختی سەوز و بوڵەندی وەک ئاسمان
پێوە شکۆفە هەر وەکوو نەجمن بە ڕەوشەنی

دیسان لە بگرە_بەردەیی گوڵچین و باغەبان
بولبول کەناری گرت و دڵی غونچە ڕاچەنی

بەزمی هەزارە قەڵفڕی ئەغیارە دەوری گوڵ
سۆفی بڕو مەبە بە دڕک تۆ لە ئێمە نیی

وادی بووە بە وادیی پڕنووری تووری نار
نەعلەین لە پێ فڕێ بدە «نالی» بە ئێمەنی

# ٢

چاوەکەت ئاگر لە سینەی عاشقی مسکین دەکا
مەستە مەیلی چەن کەبابێکی دڵی خوێنین دەکا

تالیبی لێوین و ئەڵقەی زوڵفمان نیشان دەدا
ڕاڕەوی میسرین و ئەو ڕوومان لە موڵکی چین دەکا

تا موعەییەن بێ کە زۆرن دەسگری و دەسکوژی
فەرقی سەر پەنجەی بە خوێناوی حەنا ڕەنگین دەکا

بێ قسە غونچەی دەمت کاتی تەبەسسوم ڕووبەڕوو
هەتکی شوعلەی بەرق و نەزمی دائیرەی پەروین دەکا

تیری موژگانت لە سینەمدا دەچێ بۆ پیری دڵ
هێندە کەچئایینە قەسدی خانەدانی دین دەکا

گوڵ بە دەم بادی سەباوە پێکەنی یەعنی وەرە
تۆ لە وەسڵم بۆ بەرە ئەو بۆیە بولبول شین دەکا

چاوی من بەحری موحیتی تۆیە بۆ دەفعی گەزەند
لێت موعەییەن بێ کە «نالی» گۆڵ بەدڵ پەرژین دەکا

سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خدرە نیوە هەودایە
چ هەودایە کە هەر حەڵقەی دوسەد زەنجیری سەودایە

بە نەشئەی سستی و مەستی وەها مەستوور و مەخموورە
نزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە

هەناسەم زوڵفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابورد و نەرگس هەر لە خەودایە

لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ «فَنا فیالنّور»ی ئیمانە
مەڵێن زوڵمەت خراپە وەسڵی پەروانە لە شەودایە

لە دەوری تۆیە ئەی خورشیدی پەرتەوبەخشی شەوگەردان
کە «نالی» وا لە حالاتی میحاقی ماهی نەودایە

## ٤

عاشقی بێدڵ دەناڵێ مەیلی گریاتی هەیە
بێشکە هەورەتریشقە تاوی بارانی هەیە

چاوی من دەم ـ دەم دەڕێژێ ئاوی ساف و خوێنی گەش
دا بڵێن دەریایی عوممان دوڕڕ و مەرجانی هەیە

ئاسمانی حوسنی مەحبووبم لە ئەبرۆ و زوڵف و ڕوو
دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە

دڵ موشەببەک بوو لەبەر ئێشانی نیشانی موژەت
حەیفە قوربان ئاخر ئەم نیشانەیە شانی هەیە

لەحزەییێک و لەمحەییێک چاوم بە چاوی ناکەوێ
کەی دڵی وەحشی غەزاڵە مەیلی ئینسانی هەیە؟

تۆ ئەگەر هەستی لە جێ ڕاوەستی دێو و کافریش
دێن دەڵێن بە خودا قیامەت ڕاستە هەستانی هەیە

فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە
«نالی» ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە

# ٥

گەر بییە دەرێ سەروی ڕەوانی لە ئیرەمدا
وەر نەییە دەرێ ئاهووی چینی لە حەرەمدا

عەشقت لە دڵ و دیدەیی پڕئەشک و ئەلەمدا
گونجایش و تەسکینی نییە زۆرە لە کەمدا

لافی دەمی تۆ غونچە لە دەمیا بوو بە عەمدا
با خوستی بڕی خستی کە مستێکی لە دەم دا

دڵ موزمەحیلی دەردە وەکوو دیدە لە نەمدا
حەیران و پەرێشانە وەکوو قەترە لە یەمدا

«نالی» مەسەلی حاڵی لە ئەشکەنجەیی غەمدا
وەک ناڵە لە نەیدا وەکوو نالە لە قەڵەمدا

## ٦

پەچەیی پەرچەمی و پرچی سیا
هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی تیا

لادە دەسرۆکەیی هەوری لە جەبین
دەرکەوێ شەمس و قەمەر نوور و زیا

لێوی تۆ ئاوی بەقا من خدرم
فەیزی تۆ ڕەحمەت و من سەوزەگیا

فەرشی کەففی بەری پێتە نەرگس
سەری داخستووە وەک چاوی حەیا

مەمخەرە هاویەیی هەوڵی فیراق
دەستی من دامەنی تۆ ڕۆژی قیا

سەری فەرهادم و دەندووکی قوڵنگ
دەستی مەجنوونم و دامێنی چیا

خاتری زاهیدی خاڵی خاڵی
نییە ئەڵبەتتە لە بێنێکی ڕیا

دوور لە تۆ ئیدی مەپرسە قوربان
حاڵی نالی کە نە مرد و نە ژیا

## ٧

حەنایی کردووە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم
ئەمە ڕەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم

گوتم ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من
برۆی هێنایە یەک وەک شکڵی لا یەعنی کە بێزارم

عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر
بە ڕووی تۆم دیدە هەڵنایێ شەو و ڕۆژ ئەرچی بیدارم

بە سەروم وت کە ڕاستە سەرکەش و بەرزی کە چی لەرزی
کە فەرقیشم بگاتە ئاسمان بەندەی قەدی یارم

لە شیرینی ئەتۆ ئەی خوسرەوی تەختی زەمین ڕەنگە
بگاتە ئاسمانی بێستوون فەرهادی هاوارم

سەراپا هەر وەکوو حەڵقەی زرێ پەرویزەنی خوێنم
بە یەک. یەک تیری موژگانی زرێدۆزت بریندارم

تەبیبی من دەبێ دەخڵی هەبێ ساحیب ئیشارەت بێ
مەگەر چاوت بزانێ من لەبەر چی مەست و بیمارم

حەمایل کە دەمی تێغت لە حەڵقەی گەردنی «نالی»
مەگەر تێراو ببم بەم ڕەنگە تینووی ساعیدی یارم

## ٨

یار دڵی خوێنین و چاوی پڕ لە گریانی دەوێ
ئارێ ئارێ گوڵ لە باغان ئاوی بارانی دەوێ

ئاو لە چاوانم بەخوڕ دێ ئاگری دڵ ناکوژێتەوە
وەک جەهەننەم ئەم تەنوورە ئاوی تۆفانی دەوێ

عەشق سوڵتانێکە هەرگا روو لە وێرانی بکا
ئاهی سەرد و ئەشکی گەرم و قەلبی بریانی دەوێ

دوور لە تۆ دڵ هێندە بێئارام و بێحاڵ کەوتووە
ئەی مەسیحای عەسر لەو لێوانە دەرمانی دەوێ

ڕووم ئەوا زەرد بوو وەکوو پاییز لە هیجران «نالیا»
عەشق ئێستاکەش لە من سەیلی بەهارانی دەوێ

## ٩

زوڵفت بە قەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە
ئەمڕۆ لە منی شیفتە ئاڵۆز و بەداوە

عومرێکی درێژە بە خەیاڵی سەری زوڵفت
سەودا و پەرێشانم و سەودایەکی خاوە

هەرچەندە کە ڕووتم بە خودا مایلی ڕووتم
بێبەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە

بۆچی نەگریم سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی
مەی بۆ نەڕژێ شیشە لە سەد لاوە شکاوە

بێ فائیدەیە مەنعی من ئێستاکە لە گریان
بۆ عاشقی بێچارە زوو ئەم ئاوە ڕژاوە

هەر جۆگە و جۆبارێ کە وا سوور و سوێر بێ
جێی جۆششی گریانی منە و خوێنە ڕژاوە

سۆزی دڵمە باعیسی تاو و کوڵی گریان
مەعلوومە کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە

«نالی» وەکوو زولفت کە موقیمی بەرێ‌پێتە
تێکی‌مەشکێنە و بە جەفا مەیخەرە لاوە

## ١٠

جۆشش و تاوە لە نێو دیدەیی گریانمدا
چ تەنوورێکە لە تەندوورەیی تۆفانمدا

شەرەر و تابش و بارش لە دەمی ڕەعدی بەهار
ئەسەری سووزشی گریانە لە ئەفغانمدا

شیرەیی جانە وتم یا مەیە چا بوو فەرمووی
عەکسی لەعلی لەبی مەرجانە لە فنجانمدا

شەبەهی زۆڵفی شەبەهـگوونەیە ڕووگەردانی
بە سەری ئەو کە بە سەودا سەروسامانم دا

قیمەتی ماچی دووسەد کیسەیی ساغە و نیمە
غەیری یەک کیسەیی سەدپارە لە گیرفانمدا

تۆ کە حۆریت وەرە ناو جەننەتی دیدەم چ دەکەی
لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەیی سووزانمدا

بەحسی سیڕڕی دەهەنی نوقتە بە نوقتە بگەڕێی
سەری موویێ نییە بێ نوکتە لە دیوانمدا

«نالی» ئەو نوقتە کە وا بوو بە نیشانەی چاوی
من لە سەفحەی ڕوخی ئەو دڵبەرە نیشانم دا

## ١١

شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم
مەشغووڵی نەفەس‌گرتنی موشکین‌نەفەسێکم

لەم حوجرە لە بەر پەنجەرە کەوتووم و دەخوێنم
بێعەینی دەڵێی بولبولی گۆشەی قەفەسێکم

هەم واریسی فەرهادم و هەم نائیبی مەجنوون
وا تێمەگە قوربان کە گەدا بولهەوەسێکم

وەڵڵاهی کڵاوی سەری من چەرخی دەماڵی
ببوایە بە دامانت ئەگەر دەسترەسێکم

باوەڕ مەکە ڕۆح‌سەختی غەمی فیرقەتی تۆ بم
بۆ هاتنی تۆ باقییە نیوەنەفەسێکم

گرتوویە سەگت چاکم و لای تۆمەوە دێنێ
یەعنی وەرە «نالی» کە منیش دادڕەسێکم

**١٢** حەریقی زیقی زیندانم نەسیمی سوبحدەم با بێ
ئەگەر ڕۆحی منت باقی دەوێ ساقی مەیی نابێ

لە وەسڵی تۆ زیاتر خەوفناکم نەک لە هیجرانت
بە میسلی شەمع و پەروانە بەڵێ عاشق دەبێ وا بێ

نییە دەخڵم لە شانامە و مەسافی غەیری ئەم نوکتە
کە کوشتەی بەندی تۆیە هەرکەسێ ئازاد و ئازا بێ

کەسێ پوشتانی باڵاتە حەریفی ئاڵ و واڵاتە
کە شیبهی کاکوڵی ژوولیدە سەرگەردانی سەودا بێ

فیدای تەشریفی ڕێگەت بێ خەراجات و خەزێنەی دڵ
نیساری تۆزی پێت بێ گەر لە چاوا قەترەیێ مابێ

لە عەکسی زاتی بێڕەنگت هەتا کەی دیدە ڕەنگین بێ؟
جونوونی لەیل و مەیلی نەقشبەندی عەکسی ئەسما بێ؟

مەگەر هەر یاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دڵ
کە نەقشی غەیری ڕەنگی ئەو بە ئابی دیدە شۆرابێ

گەهێ ئاهووڕەوش شاهی گەهێ گەوهەرمەنیش ماهی
بلا با سینە سەحرا بێ بلا با دیدە دەریا بێ

لەئالی ئەشکی «نالی» بێکەسە غەڵتانی نێو خاکە
مەگەر سەمعی قەبووڵت موشتەری لوولوویی لالا بێ

## ١٣

سەری هەر مووی بەدەنم تەرزە تەمەننایێکە
گەردشی تووکی سەرم دووکەڵی سەودایێکە

وەرە سەر سەیری سەفاگاهی نەزەرگەی چاوم
کە عەجەب مەنزەرەیێ سەیر و تەماشایێکە

سووزشێکی نەفەس و شۆڕشی نائی نایێ
هەریەکە نەوعە غینایێکە بە مەعنایێکە

حەڵقە-حەڵقەی چ دەکەی داوی کەمەندی زوڵفت
بۆ دڵی خەستە کە وا بەستەیی هەودایێکە

هەردەمە فەرشی کەسێکی کەیە بێ میهر و نیکاح
دوور لە چاکانی عەجەب فاحیشە دنیایێکە

«نالی» ئاسوودە نییە توولی نەمامی عومرت
بە نەفەس دێت و دەچێ ئەسڵی لەسەر بایێکە

## ١٤

هەرچەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو
چوونکوو ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو

ئەی جامیعی دونیا و قیامەت بە خەیاڵات
ئەو ڕۆژی کە مردی نە ئەوت بوو نە ئەمت بوو

بێزارە لە تۆ ئێستە هەماغووشی عەدووتە
دونیا کە دوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بوو

دوێنێ چ بوو دەتدا بە زبان لافی کەرامەت؟
ئەمڕۆ نەدەمت بوو نە دەمت بوو نە دەمت بوو

عومرت نەفەسێکی کە هەموو عالەمی دێنا
بمرە لە غەمیدا کە هەموو سەرفی غەمت بوو

«نالی» چییە وا میسلی جوعەل غەرقی شیاکەی؟
خۆ تۆ بە حیسابی وەکوو پەروانە شەمت بوو

## ١٥

سابوونی کەففی پێیە کەفی زاری چاپلووس
خاسییەتی ڕەقی هەیە نەرمی زبانی لووس

ئەی دڵ خەراجی حاسڵی زوڵماتی بەحر و بەڕ
میراتی ئیعتیبارە لە فەرزەندی فەیلەقووس

بونیانی کیبر و سەرکەشییە تاقی کیسرەوی
دانانی زوڵم و ڕووڕەشییە تەختی ئابنووس

بنوارە بوونی ئەووەڵت و چوونی ئاخرت
هاتی چ ڕووتوقووت و هەڵاتی چ لووسوپووس

گەر فەڕ و تاج و زینەت و شەوکەت وەفای دەبوو
بێ دەردیسەر دەمانەوە بۆ تاوس و خorووس

گەر ئاب و تابی جەننەتیی و دووزەخیت دەوێ
بنوارە نێوچەوانی بەشووش و برۆی عەبووس

بۆ مەشقی عەشقی زوڵفی نیگار و نیگارشی
«نالی» لە خامەدا بووەتە شاهی توڕڕەنووس

## ١٦

به مەرگی خۆت قەسەم زاهید هەموو عومرت عوبووریکە
مەقام و مەنزڵت ئاخر لە کن جەمعی قوبووریکە

لە خەڵوەت هاتە دەر سۆفی گڵ و بەردی بە سەرما دا
مەکەن مەنعی لەبەر خەڵوە ئەویش تازەغورووریکە

شوعاعی ڕووت لە گەردندا دیارە دڵ دەسووتێنێ
بنازم بەم تەجەللایە چ خورشید و بلووریکە

غەمی چاوت لە چاومدا هەمی قەددت لە سینەمدا
لەبەر سستی و زەعیفی ئەو خەویکە ئەم خوتووریکە

دڵم بەردە ئەگەر شاخە بە چاوی سووکی مەنوارێ
بە خۆڕایی نەسووتاوە ئەمیشم کێوی تووریکە

بە زاهیر شادمانیمە لەبەر کەتمی هەموو دەردان
کە «نالی» گەر بناڵێنێ ئەمیش نەشئە و سورووریکە

## ١٧

بنوارِە وشکەسۆفی و ڕەقسی بە هەلهەلە
دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێمەلە

ئەم ئەرزە مەزرەعەی عەمەلە و گوڵخەنی ئەمەل
هەندێ بووە بە مەسجید و هەندێ بە مەزبەلە

شێخم چ گەرمە حەڵقەیی زیکرت بە ڕەشبەڵەک
حاڵی ئەمانە خۆ بە جەنابت موحەووەلە

دائیم لە دووتە مێگەلی ژن نێرگەلی پیاو
بەم ڕیشەوە لە پێشەوە بووگی بە سەرگەلە

دنیا مەحەللی کەون و فەسادێکە حیز و دوون
مەعلوومە چەن بەحیلەیە عەییارە چەن دەڵە

تۆ شێخ و ئەو عەجووزە عەجەب دۆستی یەکترن
بێ شاهید و نیکاحە دیارە موعامەلە

«نالی» سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا دەکا
لایێ پڕە لە مەشعەلە لایێ لە مەشغەلە

| | |
|---|---|
| ئەی تازەجەوان پیرم و ئوفتادە و کەوتووم | تا ماوە حەیاتم |
| دەستێ بدەرە دەستی شکەستەم کە بەسەر چووم | قوربانی وەفاتم |
| تۆ یۆسفی نەوحوسنی لەسەر میسری جینانی | من پیرم و فانی |
| لەم کولبەیی ئەحزانە نە زیندووم و نە مردووم | هەروا بە تەماتم |
| فەرقێکی نەکرد نەفسی نەفیسم بە عینایەت | وەحشی لە ویلایەت |
| لەم گۆشەیی وێرانەیە هەر مامەوە وەک بووم | وەیشوومی وڵاتم |
| ئەی مەسجید و میحرابگەهت قیبلەیی حاجات | بۆ ئەهلی موناجات |
| مەحجووبی هەوام و ئەمەتە مەشهەدی مەعلووم | بۆ ڕاهی نەجاتم |
| ئەی مەتلەعی ئەنواری هەموو قاسی و دانی | شەمسی سەمەدانی |
| وەک زەرڕەیی بێجیلوە نەمەوجوود و نەمەعدووم | جوویایی بەراتم |
| لەم خاکی دەری ڕەحمەتی بێزەحمەتە «نالی» | فیردەوسە مەئالی |
| حاشا کە لەمێدا ببمە سائیلی مەحرووم | هەرچەند لە عوساتم |

## ١٩

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفەفرۆشم
زۆرم وت و کەس تێنەگەیی ئێستە خەمۆشم

سەرخۆشی شەرابی دەمی تۆ بووم و ئەمێستاش
قوربان سەری تۆ خۆش کە نەماوە سەری خۆشم

لەو گەردەن و عیقدە کە پڕە گەردەن و گۆشت
بەو پێیە کەنارم کە پڕە دامەن و کۆشم

وەک توڕڕەیی پێچیدەیی تۆ ساغ و شکەستەم
وەک نەرگسی نادیدەیی تۆ خۆش و نەخۆشم

شێخیی و سەراپا دەڵەک و ڕێوی دەپۆشی
«نالی»م و بە ڕووتی لە هەموو دیدە دەپۆشم

## ٢٠

ڕەفیقان من ئەوا ڕۆییم لە لاتان
لە مەزڵوومان بڵا چۆڵ بێ وڵاتان

بڵا سا شاربەشار و دێبەدێ بین
لە دەس یاران بکەین تەییی وڵاتان

مەڵێن کەڵکی نەبوو ڕۆیی جەهەننەم
سەرم قەڵغانە بۆ تیری قەزاتان

منم سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم
دەترسم من بڕۆم بشکێ سپاتان

سەفەرمان چونکە ڕێی هات‌ونەهاتە
دوعامان بۆ بکەن ئێوە و خوداتان

ئەوەند ئەرجوو دەکا نالی کە جار ـ جار
بکەن یادی موحیببی بێڕیاتان